# ڕۆمانسیەتی سۆفیانە لە شیعری «ئافرەت و جوانی & ڕەوتێکی جوان» ی گۆران دا

د.ظاهر لطیف کریم
کۆلیجی زمان – زانکۆی سلیمانی

خۆ ئەگەر لای کلاسیکی‌یەکان ، سروشت و ئافرەت دوو بابەتی جیاواز بن (١) ئەوا لای ڕۆمانسی‌یەکان هەردوکیان تەواوکری یەکن (٢) بە مانایەکی تر ، پەیوەندی سروشت و ئافرەت لای کلاسی‌یەکان ، پەیوەندی‌یەکی مادی‌یە ، بەلام ڕۆماسی‌یەکان لە فەلسەفەکانیاندا وای بۆ چوون کە مرۆڤ بچوککەرەوەی سروشتە و هەردووکیان لە پیناو مرۆڤایەتی‌دا کار دەکەن ..

سروشت ، هەمیشەکات ، مەلبەندی بیرکردنەوەی بووە بۆ دەست نیشان کردنی گەردون و دروستکەرەکەی ..بەم پی‌یە سروشت ژیانە ، مردنە ، زیندوبونەوەیە و هیزیکی لە بن نەهاتوی دروست کەری ئەم گەردونەیە کە هەر دەم هەولی ئەوەی داوە کە زال بیت بە سەر هیزی مرۆڤی ئاسای‌دا (٣) بەم پی‌یە ، ڕۆمانسی‌یەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە سروشت کەرەستەیەکی بە نرخی هونەر و مرۆڤە .. لە بەر ئەوەی ڕۆمانسی‌یەکان توانیویانە جولەیەك بە سروشت بدەن هەر وەك ئەوەی بەشیك بیت لە سروشت ، بە هەستیکی راستەقینەو حەماسیکی پیرۆزە وە بەشداری سروشت دەکات بۆ هەلبژاردنی هونەر و ئەندیشە و ، سۆز و خۆشەویستی ..(٤)هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆمانسی‌یەکان لە کاتیکدا بە سروشت دا هەلدەدەن و دەچنە ناو جیهانی سروشتەوە ، دەبینین کە جولەیەك دروست دەکەن لە پیناوی ئاویتە کردن بە ژیانی خەلکی بەتایبەتی ئافرەت کە بەشیکی گرنگ و سەرەکی ژیانی کۆمەلە بە شیوەیەکی گشتی و شاعیرە ڕۆمانسی‌یەکانە بە شیوەیەکی تایبەتی ..(٥) کەواتە ئامانجی ڕۆمانسی‌یەکان دوو شتی سەرەکین یەکەمیان هونەر دوهەمیان مرۆڤایەتی کە بەهەر دووکیان ، لەریگەی ئەندیشەو سۆز و دەروونەوە ، جوانترین وینەی هونەری و نمونەیی دەنەخشینن .. وە جوانترین وینەی سروشتیش ئافرەتە ..(٦)

لەم لیکۆلینەوەیەماندا ، دوو نونەی شیعری ماموستا (عبالله گۆران) هەلدەبژیرین و لەسەر ڕۆشنای ناو نیشانی باسەکەمان لی دەکۆلینەوە .. لە هەردوو شیعرەدا _ ئافرەت و جوانی رەوتیکی جوان _ خۆمان لە بەردەم دوو تابلۆی سەرەکی‌دا دەبینینەوە کە بەهەردوکیان جولەیەکی قورس و گران بەهایان دروست کردووە و شاعیریان هیناوەتە سەما وەك سەماکانی (جلال الدین رۆمی) کە باوەری بە هیزی جولەی سوورانەوەی گەردون و عیشقی خوای هەبوو .(٧)

لە هەردوو شیعرەکەدا ، خوینەر ، لە سەرەتادا وای بۆ ناچی کە جولەو گۆران کاری دروست ببیت لە جوانی سروشت بۆ جوانی ئافرەت ، لە گەورەوە بۆ گەورەتر ، لە جوانەوە بۆ جوانتر کە لەهەردوو حالەتەکەدا ، بۆ چوونەکە سۆز و دەروونییە ، عیشقی ئیفلاتونییە نەك شتی تر .. لە هەمان کاتدا ، خوینەر وای بۆ دەچی کە تابلۆی یەکەم (سروشت) جیاواز بیت لە تابلۆی دوهەم (ئافرەت) ، بەلام شاعیر ، بەهۆی بلیمەتی و ئەزموونی ژیانی کۆمەلایەتی و ئایینی و مرۆڤایەتی خۆیەوە ، توانیویەتی هەر دوو تابلۆکە بەهۆی بازنەیەکی فیکری ، سۆفیگەری بەیەکەوە ببەستیتەوە بەبی ئەوەی جولە و گۆرانکارییەکە ببیتە گرفتیك لە بەر دەم شاعیردا ..بەم پییە ، هەر دوو شیعرەکە ، بابەتیکی سۆفیگەری لە خۆ دەگریت ، ئەو سۆفیگەرییەی کە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن (باباتاهیرعریان و مەولاناخالیدی نەقشبەندی و محوی) رەچاوکراو دواتر ، گۆرانی شاعیریش ، لە ریگەی فەلسەفەو بۆچوونە عاتفی و رۆمانسییەکانیەوە کە پر بوو لە خۆشەویستی و مرۆڤایەتی ، توانی بچیتە نیو جیهانی سۆفیگەری و شان بە شانی ،إبن عربی و إبن الفارض و رابعە العدویە و مەولانا و محوی ، بۆ چوونەکانی ئاویتە بکات ..

ئاشکرایە ، سۆفیگەری ، لەسەرەتادا ، لە کۆمەلگای ئیسلامدا پەیوەست بوو بە ئاینەوە ،(٨) بەلام دواتر پەلی کیشا بۆ فەلسەفە و سیاسەت و ئەدەب و هونەر ..(٩) لیرەدا مەبەستمان سۆفیگەری و ئەدەبە و بەشیکیش لە هەر دوکیان خۆشەویستی و جوانی یەزدانە .(١٠)

بەم پییە جیاوازی نییە لە نیوان هەچ دیاردەیەك کە خۆشەویستی بۆ دەچیت .. واتە لە نیوان ، عمر بن أبی ربیعة و رابعە العدویە و لە نیوان أبو نواس وإبن الفارض دا ، .. خەیام ، ئەگەر چی بەروالەت دەرویش و سۆفی بوو ، بەلام خۆشەویستە راستەقینەکەی بریتی بوو لە " مەی ، ئافرەت ، گۆرانی ".(١١) دیارە هەر لە بەر ئەمەشە ، إبن عربی دەفەرمویت " إن الله سبحانه یتجلی أعظم ما یتجلی في صورة المرأة ". (١٢)

إبن الفارض ، سولتانی عاشقان ، هەمان بۆ چوونی إبن عربی هەیە ، هەر وەك لەم پارچە شیعرەدا بە ئاشکرا دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە جوانی یەزدان لە سیمای ئافرەتدا دەدرەوشیتەوە :

و تظهر للعشاق في کل مظهر
من اللبس في أشکال حسن بدیعة
ففي مرة (لبنی) و أخری (بثینة)
و آونة أخری (بعزة) عزت
ولسن سواها لا ولاکن غیرها
وما إن لها في حسنها من شریکة.(١٣)

لەمەوە ، ئەوەمان بۆ دەسەلمی ، کەهەچ شتیك جۆرە تیزرەوییەکی فیکری یان ئاینی یان عاتفي تیدا بیت ئەوا ، دەشیت بووتریت سۆفیگەرییە ، هەر لە بەر ئەمەشە ووتراوە :

" هناك أصولا للتصوف في الحیاة العاطفیة و السیاسیة و الاجتماعیة . إن الصوفیة محصورة في کل شيء .(١٤) بەم پییە ، هیچ عیشقیکی خوای ، ئیفلاتونی بەبی بناغەیەکی خۆشەویستی دروست نابیت وە خۆشەویستی بناغەیەکی بنەرەتییە بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بەرز تر کە ئەویش عشقی سۆفیگەرییە هەر وەك لەم وینەدا بەدی دەکریت :




بـابزانین سـولتانی جوانـی سروشـت و جوانـی ئافرەتی کوردی ، گۆران ، چۆن لـە خۆشەویستە راستەقینەکەی _سروشت و ئـافرەت _ دەدوی وەك دەرویش و موریدیك بەدەورو خولی ئەو دوو زاتـەدا دەخولێتەوە و سەما دەکات .. لە ریگەی ئەو دوو مەقامە سەرەکی‌یەوە هەولە دەدات بگات بە مەرامی خۆی هەر وەك چۆن أبو منصور حلاج و هاوریکانی لە ریگەی چەند مەقامیکەوە گەیشتوونەتە پایەو مەرامەکانی خۆیان ..(١٥)

لـەم دوو شیعرەدا ، گـۆران هوشـیارانە دەسـت نیشانی چەند جوانی‌یەکی کردووە و وەك جوانـی دەنگ ، جوانی رەنگ ، جوانی بینین ، جوانی شیوە ..

لە شیعری " ئافرەت و جوانی " دا بەم شیوەیەی خوارەوە دابەش بووە :

_ جوانـی دەنـگ ( خـورە ، جریـوە و جووکـە ، شمشال ، تەلی کەمان ، ئاواز ، دەنگی نەرم )

_ جوانی رەنگ ( پەلکە زیرینە ، گەش ، ئاسمانی ، کال ، رەش ، تیشك ، زەردە ، زیوین ، سور، زەرد )

_ جوانی بینین ( شیعرەکە بە تیکرا ، تیشکی نیو نیگا ، چاو ، دینین )

_جوانی شیوە ( بەرزی بالا ، شـەونمی درەخـت ، هەتاو ، کولم ، گـۆی مـەمك ، کـەل ، قەلبـەز ، گولـی کیو ، خۆر ، دارستانی شاخ ) .

ئەم ووشانەی سەرەوە ، کە بە تیکەلی لـە هـەر دوو تابلۆ کەدا _سروشت و ئافرەت _ جۆرە هاوبەشی و جووت بونیکیان لەگەل یەکتر هەیـە بەئاسانی لـە یەکتری جودا نابنـەوە .. بە مانایـەکی تر ، شاعیر پەیوەستە و دەخولیتـەوە بەدەوری فەرهەنگـەکانی سروشت و ئافرەت ، وەك ئەوەی لە نیو پانتاییەکدا بخولیتەوە پەل بۆ هـەموو کۆمەلـەی خـۆر (شمس) رابکیشی لە دورەوە بۆ نزیك و نزیکتر (بڕوانە وێنەی ١)

لە شیعری " رەوتیکـی جـوان " دا بـەم شـیوەیەی خوارەوە دابەش بووە :

جوانـی دەنـگ ( زەردەی خۆرەتـاو ، سـەوزە گیـا ، سپی و خرپن )

جوانی بینین ( وینەکانی ناو شیعرەکە )

جوانی شیوە ( چیمـەنی گـوی ئـاو ، بـەفری نـزار ، تریفەی مانگە شەو ، بەژنی بەرز،......)

بەهەمان شیوەی شیعری " ئافرەت و جوانی " ئـەم ووشانەی سەرەوە پیویستیان بە یـەکترە و جـۆرە پەیوەندی‌یەکی رۆحییان لە نیواندا هەیە کە جودا کردنەوەیان کاریکی ئاسان نی‌یە......

لـەم شیعرەشـدا، گـۆران دەخولیتـەوە بـە دەوری فەرهەنگەکانی سروشت و ئـافرەت پـەل بـۆ چـەند کۆمەلەیەکی خۆر رادەکیشی:




- ٦ -

لــه شــيعری " ئــافرەت و جوانـــی " بەشـــی سروشتەکەی بریتی‌یە لە ( ٨ ) بەیتی مەسنەوی ، لەم بەیتانـەدا ، شاعیر عاشقی سروشتە لـە دوورو نزیکـەوە چۆتـە نـاو سروشـت و بەشـە هـەرە گرنگەکانی سروشت :

( ئاسمـــان ، ئەســتیرە ، تــەم ، پەلکــە زێرینــە ، شــەونمی درەخــت ، خــورەی قەلبــەز ، میــوەی گەیشــتوی زەردو ســوور، جریــوەو جووکــەی دارســتانی شــاخ ) کــە ئەمانــە هــەموی جوانــن و شیرینن ، ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن، هـەر وەك شاعیر خـۆی دەلیـت: ئاویتـە کردنـی سروشـت بـەم شێوەیە ئەوە دەگەینیت کە سروشت لای گۆران هۆ نـی یـە بـەلکو ئامانجـە بـۆ گەیشـتن بـە مەرامـە ڕۆحی‌یەکان.......

لەدوای ئەم بەیتانـە ، شـاعیر کت و پـر عاشـقیکی پـیرۆز تـر دەدۆزیتـەوە کـە سروشـت بـەو هـەموو پیرۆزی و مەزنی‌یـەوە نـاتوانی بـەرەنگاری بیتـەوە

ئـەویش " ئافرەتـە " کـە شـاعیر تەنـها (٦)بـەتیی مەسنەوی بۆ تەرخان کردووە:

بەلام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بی ڕووناکی‌یە بی بزەی ئازیز

دواتر ، گۆران ، وەستایەنە ، بەبەراوریك لەگەل سروشتدا ، دیتـە سـەر سیما بەنرخـەکانی ئافرەت وەك هونەرمـەندیکی شیوەکار بانوراما‌یەك بۆ ئافـەرتی جوان دەنەخشینی . بەم پی‌یە ئەو سروشتە جوان و ڕەنگین و بـەهیزەی جاران ، کە بۆ گۆران ڕۆلی خیلقەتی دەبینی ، ئیستا لەبەر دەم ئافرەتدا لاواز و بـی هـیز و بـی توانایـە ، لەتـەرازووی بـەراووردا شکستیکی گەورە بە دەست دەهینی هەر وەك چۆن ئایین و خواپەرستی شیخی سەنعان هەرەسی هینا لە بەر دەم کچە گاوریکدا . (١٦)

- کام ئەستیرەی گەش وکام گولی کیوی
ئالە وەك کولمی ، گۆی مەمکی ،لیوی
- کام ڕەش ئەگا بە ڕەشی چاوی
برژانگی برۆی ئەگریجەی خاوی
- کام بەرزی جوانە وەك بەرزی بالای
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیو نیگای
- کام تاسە کام مەیل کام چاوەڕوانی
تەلیسماوی یە وەك هی دلداری

گۆران لـە شـعیری " ڕەوتیکـی جـوان " هـەمان هەلویسـتی بەرامبەر بە سروشت و دەورو بەرەکەی و ئافرەت و جوانـی هەیە .. شاعیر دەسـت نیشـانی چەند بابـەت و دیاردەیـەکی سروشـتی کـردووە کـە پەیوەندیـەکی ڕاسـتە و خۆیـان هەیـە بەناو نیشان و کۆتای شیعرەکە ..

ئەم شیعرەش ، کە بریتی‌یە لە (١٤) بـەیتی مەسنەوی ، لـە دوو تابلۆ پیك هاتووە _ سروشت و ئافرەت _ سروشتەکەی بریتەی‌یە لە (٩) بەیت ، ئافرەتەکەی بریتی‌یە لە دوا بەیت ، سـی بەیتەکـەی تریـش ، کـە کەوتۆتـە پیـش دوا بـەیت ، پیشەکی‌یەکە بۆ چوونـە نـاو مۆتیڤـی دوا بـەیت .. بەشـی سروشـتەکەی ، لـە چەند تابلۆیـەکی جوان و قەشـەنگ پیـك هاتووە ، گۆران ، لـە نیو ئەو تابلۆیانـەدا ، دەسـت نیشـانی چـەند ڕەوتیکـی کـردووە کـە هـەمویان لـە جوانی‌یـەکانی سروشتن :

**ڕەوتی یەکەم**

له ژێر زەردەی خۆرە تاوا ،
بەناو چیمەنی گوی ئاوا ،
چەن بە ئاهەنگ چەن سیحراوی ؟
ئەگەری قاز یا مراوی

**ڕەوتی دوهەم**

یا کەو ، لەسەر بەفری نزار ،
بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار ،
چەن ئیسک سووک ، چەن گورج و گۆل
ئەکشی ! پشت لە کۆی تەختی دۆل

**ڕەوتی سیهەم**

یا کەرویشکی تیر و قەلەو ،
لە بەر تریفەی مانگە شەو
چەن جوان ئەروا بە قونە قون :
سرک و گورج و ، سپی و ، خرپن ؛

**ڕەوتی چوارەم**

یا پۆر لە گوی ریگای دەشتا ،
لەگەل سایەقەی پاش وەشتا
چەن ورد و جوان ، بە لەنجە و لار ،
ئەشیلی سەوزە گیای بەهار ؛

**ڕەوتی پینجەم**

یا کۆتری حەوشی مزگەوت
چەن خنجیلانە لی دی ڕەوت

**پیشەکی بۆ چوونە ناومۆتیڤی دوا بەیت**

ئەوەندە جوان ، لەوە جوانتر ،
لە شنەی بای شەو ڕەوانتر ،
لەلەرەی پرشنگ ، ئاوازە
لە خورەی ئاو ، شیعری تازە ،
بە ئاهەنگتر ، بە خۆشتر ،
بە گویچکەی دل دەنگی خۆشتر ،

گومان لەوەدا نییە ، کە ئەم هەموو ڕەوتە ، جوانن ، پیرۆزن ، شاعیر لەم شیعرەشدا لەریگەی ئەو ڕەوتانەوە ، عاشقی سروشت و جوانی دەورو بەرەکەیەتی و بەووردی دەست نیشانی جۆری مامەلەی ئەو ئاژەل و مەلانەی کردووە کە لە ڕەوتەکاندا هاتووە لە نزمەوە بۆ بەرز و بەرزتر ، وەك پلە و مەقامەکانی سۆفیگەرییەکان ، بۆ ئەوەی بگات بە دوا قۆناغی مەرامی خۆی کە ئەویش ئافرەت و جوانی ئافرەتە :

ئافرەت
کۆتر (زەوی و فرین : زەوی ١٥٪ فرین ٨٥٪
پۆر ( زەوی و فرین : زەوی ٢٣٪ فرین٧٧٪
کەرویشك ( زەوی و بازی هەوایی :
زەوی ٢٥٪ هەوای ٧٥٪)
کەو ( زەوی و فرین : زەوی ٧٥٪
فرین ٢٥٪
قاز و مراوی ( ووشاوەکی )

بەم پییە ، ئافرەت لەم لە شیعرەشدا ، بەشیوەکی سروشتی توانی سروشت و ڕەوتیکانی هەلتەکینی و هەرەسی پی بهینی .. هەر وەك ، شیعرەکەی پیشو ، ئەم دوا بەیت و ڕەوتە لە ناوەختدا پەیدا بوو ، جولە و گۆران کارییەکی لە شیعرەکە دروست کرد و بوو بە بەردی بناغەی شیعرەکە و تەنانەت ناو نیشانی شیعرەکەش هەر بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە :

پیی ناز ئەبی بەسەر ئەرزا :
جوانی لە بە ژنیکی بەرزا . . .

**پەیوەندیە هاوبەشەکان ﴿ سروشت و مرۆڤ ﴾ لە شیعری " ئافرەت و جوانی " !**

_ ئاسمان + ئەستیرە + باغچەی گوڵ و بەهار
_ شەونمی درەخت + زەردەی زۆر کەل + سەرنج دان
_ پەلکە زیرینە + پاش بارانی زۆر + چەمانەوە بەرامبەر بە خۆر
_ نەورۆز + هەتاو + مانگی جۆ درەو
_ خۆرەی قەلبەز + کەف زیوینی چەم + پرشنگی ناو تەم
_ میوە + زەرد و سوور + جریوە و جووکەی دارستان
_ گەرووی شمشال + تەلی کەمان + ئاوازە
_ ئەستیرەی گەش + گوڵی کیوی + کولمی ئاڵ + گوی مەمك + لیو
_ رەش + چاوی رەش + برژانگ + برۆ + ئەگریجە
_ بەرزی + بەرزی ئافرەت + تیشك + تیشکی نیو نیگای ئافرەت

**پەیوەندییە هاوبەشەکان ﴿ سروشت و ئافرەت ﴾ لە شیعری " رەوتیکی جوان "**

رەوتی یەکەم : ( قاز و مراوی + زەردەی خۆرە تاو + چیمەنی گوی ئاو - رەوت : گەران )
رەوتی دوهەم : ( کەو + بەفری نزار + لوتکەی هەزار بە هەزار - رەوت : کشان )
رەوتی سیهەم : ( کەرویشك + تیر و قەلەو + تریفەی مانگە شەو - رەوت : قونە قون )
رەوتی چوارەم : ( پۆر + ریگای دەشت + سایەقەی پاش وەشت - رەوت : لەنجەو لار )
رەوتی پینجەم : ( کۆتر + خنجیلانە + حەوشی مزگەوت - رەوت )
رەوتی شەشهەم : ( ئافرەت + جوان + بەژنیکی بەرز - رەوت : رۆشت بە نازەوە )

**پەراویزەکان**

١- The literature of England pp 171-172
٢- بروانە : ١- دیوانی گۆران : ١٦٩ _ ١٧٠ ، ٢٧٤ ، ٢٧٨، ٢٩٣
٢- Brighter Enggish , p 170 _171
٣- A short history of English literature : 93 _81
٤- موسوعة المصطلح النقدی : ١٦٣ _ ١٦٥
٥- دراسات في الادب المقارن : ١٥ _ ٢٤
٦- The literature of England p 771
٧- التصوف جدلية و إنتماء : ٢٢٠
٨- الشعر الصوفي : ٣٨ _ ٥٢
٩- حقائق عن التصوف : ١٣ _ ١٨
١٠- حنا الفاخوری : ١٣ _ ١٨
١١- خەیام لەم چەند چوارینانەی خوارەوە دا ، بە ئاشکرا خۆشەویستە راستەقینەکەی خۆی دیاری کردووە :

_ نازانم ئەوەی کردمی بە ئینسان
بە هەشتی دامی یا دۆزەخ کامیان
نەی و پیالەی مەی ئافرەتیکی جوان
ئەم سیانە بۆ من بەهەشت بۆ خۆیان

_ئەمشەو پیالەی مەی تەواو پڕئەکەم
خۆم بە پیکی دووان مەستو شر ئەکەم
هەر سی تەلاقی عەقل و دین ئەدەم
ئەوسا کچی رەز مارە بڕ ئەکەم
_ئەلین خوا پەرست گەر مرد بە ئیمان
لەودنیاش نزیك بە بارەگای خوان
ئیمە و مەی و یار دایم پیکەوەین
بەلکو لەو دنیاش هەر وا بین دیسان (بروانە چوارینەکانی خەیام : أحمد شالی)

١٢- إبن عربی حیاته و مزهبه : ٢٤٢ _ ٢٤٣ و التصوف جدلیه و إنتماء : ٣٥

١٣- دیوان إبن الفارض : ٣٩

١٤- التصوف جدلیة و إنتماء : ٣٥٧

١٥- بۆ زیاتر زانیاری ، لە بارەی مەقامەکانەوە ، بروانە :

_ إبن عربي حیاته و مذهبه : ١٨٩ -٢١٠
_ حقائق عن التصوف : ١٨٥
_ عوارف المعارف : ٤٧٥ _ ٥٠٣
_ ما هو التصوف : ٨٦

١٦- هیمنی شاعیر دەفەرمویت :

شیخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەرا
من خەریکە بۆ کچە شیخیك پەژیوان ببمەوە ( نالەی جودای : ٩٣ )

١٧- ووشەی دلداری لیرە دا ، وە تیکر لای گۆران ئەوە دەگەیەنیت کە شاعیر دلداریکی راستەقینەی خۆی هەبوبی هەر وەك لە دوا بەیتی شیعری " ئاواتی دووری "دا بە ئاشکرا دەردەکەویت دەلیت :

عەشقی قدیمی یار
تاوەختی إحتضار

بەلام شاعیرە رۆمانسی‌یەکان ، گۆرانی رۆمانسی ، بە ئاشکرا نەیانتوانیوە دەست نیشانی خۆشەویستەکەی بکات ئەمەش رەنگە بگەریتەوە بۆ ئاسکی و فەلسەفە رۆمانسی‌یەکەی خۆی کە ئەمەش بە پیچەوانەی شاعیرە کلاسیکی‌یەکانمانە وەك : مەولەوی ( عەنبەر خان ) ، نالی ( حەبیبە ) وەلی دیوانە ( شەم )..

لەلایەکی ترەوە ، گۆران ، لە سەرەتادا ، لاویکی سەر گەرم و عەجولی بناری هەورامان بووە و دلی لەگەل کچە بەگزادەیەکی هاو خۆشی خۆی گۆریووەتەوە و گەلی یەکتریان خۆش ویستووە ، بەلام کەم دەستی و لی قەوماوی و لەو لاشەوە دەست دار و مولك دار گولی شاعیریان ژاکاندووە و لانەی دلی لە پرچی خاو و زەردیا ویران کردووە .. هەر لەبەر ئەمەشە نائومیدی و ناکامی لە دلیدا چەکەرەی کردووە وەك یاسایەکی دەرونی تامە زرۆی بۆی سینە و مەمی یار بوو هەتا مرد .. تەنانەت پشکۆی دەرونی لە ئاهی ساردی ناکامی ( بوکیکی ناکام ) سارد کردەوە کە لە نیوان برینی گۆران و هەلچوونی ئەم شیعرە پتر لە (٣٣) سالە ( چاوپیکەوتن لەگەل مامۆستا ئەژی گۆران سالی ١٩٨٣ ) دا.

جگە لەمەش ، چەندین شیعری وەك :

ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەل وەری پەرت ..
ئەگەر گۆران بۆ کچی تاکە خۆشەویستی خۆی نەوتبی ئەی بۆ کی ی ووتووە ! !

## سەرچاوەکان


١-إبن عربي حياته و مذهبه : اسين بلاثيوثي ، ترجمة _ عبد الرحمن بدوي / دار القلم / بيروت لبنان ١٩٧٩ .

٢-تاريخ الأدب العربي _ حنا الفاخوري ،الطبعة السادسة لبنان.

٣-التصوف جدلية و انتماء : أحمد علي حسن / منشورات إتحاد الكتاب العرب ١٩٩٠ .

٤-چوارینەکانی خەیام . وەرگێرانی احمد شالی ، وەزارەتی رۆشنبیری هەریمی کوردستان / چاپی یەکەم ١٩٩٩.

٥-حقائق عن التصوف : الشيخ عبد القادر عيسى / مطبعة النواعير / العراق الطبعة الخامسة ١٩٩٢ .

٦-دراسات في الادب المقارن : محمد عبد المنعم خفاجي / الطبعة الاولى / دار الطباعة المحمدية ، القاهرة

٧-ديوان إبن الفارض : الدكتور إبراهيم السامرائي : دار الفكر للنشر / عمان الاردن ١٩٨٥

٨-دیوانی گۆران کۆکردنەوەی ، محمدی مەلا کریم ، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق / بەغدا \ ١٩٨٠ .

٩-الشعر الصوفي : عدنان حسين العوادي ، دار الشوون الثقافة العامة / بغداد بدون التأريخ .

١٠-عوا رف المعارف ، عبد القاهر السهروردي ، دار الكتاب العرب / بيروت .

١١-ما هو التصوف ، الشيخ أمين علاء الدين النقشبندي ، الدار العربية / بغداد ١٩٨٨

١٢-موسوعة المصطلح النقدي – المجلد الاولى ، ترجمة د. عبد الواحد لؤلؤة / دار الرشيد / العرق ١٩٨٢ .

١٣-نالەی جودای : هیمن / چاپخانەی علا – بغداد ١٩٧٩.

The Litrayure of England. Volume 3, George K. A, William E. Bukler, Mary-١٤ H. Veeder Scott, Foresman & Company 1979.

Brighter English , C. E. Eckersley Darien Press, Edinburgh 1945.-١٥

Short history of English Literature, Robert Barnard, 1978 Britain.-١٦

وێنەی ژمارە/١



## ئەنجام

ئەوەی مەبەستمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، بەهرە و سەلیقە و داهێنانی ( گۆران )ە . ئەگەر چی گۆران پلەیەکی زانستی و ئەکادمی دیاری کراوی نەبوو ، بەلام وەك بە ئاشکرا دەردەکەویت کە خاوەنی تاقی کردنەوە و زانیاریەکی فراوانی ئەم گەردوونەیە ، شارەزاییی لە : زانستی گەردوون ، فیزیا ، سوفویزم ، ڕێبازی ڕۆمانسی_ سروشت _ ئافرەت ، خۆشەویستییە .

## الاستنتاج

نحاول في هذه الدراسة , توضيح الموهبة و الإبداع لدى الشاعر الكوردى المعاصر كوران . برغم انه لم يكن صاحب درجة علمية و أكاديمية معينة , إلا انه في الوقت نفسه , صاحب تجربة علمية واسعة في مجالات علم الفلك و الفيزيا و الصوفية و المذهب الرومانسي_ الطبيعة , المرأة _ الحب .

## Conclusion

Our aim in making this research is to show Gorans skill and invention : Although Goran had not a certain academic and scientific degree, but it is clear to us that he has a wide knowledge and experience in this world: he has a good idea in the universal *sciences particularly the sciences of astronomy, physics, sophisim and the* romanticisim ( nature, women, ;love ).